# ساڵرۆژی بڕیای دادگای میکونووس

زۆربەمان لە بیرمانە و تاکوو مردینیش ئەو رۆژە رەشە( ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢)مان لەبیر ناچێ کە رێبەری بتوانا و لێهاتووی گەلەکەمان شەهید د. سادق شەرەفکەندی و کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایۆنی ئەردەڵان بە دەستی تیرۆرسیتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرور کران. بەڵام ئەوەی لێرەدا زۆر جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە سەران و بەرێوەبرانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە پێیان وابوو، ئەم جارەش وەکوو جارەکانی پێشوو، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گوێی خۆیانی لێ دەئاخنن و لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان بێ دەنگی دەکەن، بەڵام پاش درێژە پێدانی کاری دادگاکە و لە بنەوە هەرەشە و گورەشە کردنی کۆماری ئیسلامی، سەرئەنجام پاش سێ ساڵ و نیو دادگای بێرلین کە بۆ مەحاکمەی قاتڵەکان پێک هاتبوو، لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا ١٩٩٧/٤/١٠ (١٣٧٦/١/٢١) دوا کۆبوونەوەی خۆی کرد و دوا بریاری خۆی لەم پێوەندیەدا دا. هەروەک دەزانین حوکمی دادگا لە سەر قاتڵەکان بەم جۆرە بوو کە "کازم دارابی" (ئێرانی) و "عەبباس راحل" (لوبنانی) بە بەندیخانەی ئەبەدی مەحکوم کران، "یوسف ئەمین" بە ١١ ساڵ بەندیخانە و "محەممەد عەتریس" بە ٥ ساڵ و ٣ مانگ مەحکووم کران. کەسێکیشیان ئازاد کرا.

هەروەک بەرێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە لە وتارێک لە پێوەندیەدا دەڵێ: "ئەوەی بۆ ئێمە و بۆ هەموو دەنیایەش کرینگ بوو تەنیا حوکم دانی ئەو چوار موتەهەمە نەبوو. بەڵکوو مەهیمتر لەوە حوکم دانی جیمهوریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا و لە باڵاترین سەتحی مەسئوولییەت دا بوو. قازیی ئەرشەدی دادگای برلین بە راشکاوی ئیشارە بەوە دەکا کە ئەو قەتڵە، قەتڵێکی سیاسی یە، هیچ ئەنگیزەی مەزهەبیی تێدا نیە."

ئەمەش هەوەڵ جار بوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەم جۆرە و لە دادکایەکی ئوراپایی دا بە راشکاوی مەحکووم دەکرا و کارنامەی رەشی کەسانێکی نەخشە رێژی وەک "فەلاحیان" وەزیری ئەو کاتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەناسران. ئیتر لەو کاتەوە ناوبراو حوکمی گرتنی لەسەرە و ئەگەر بێتوو لە ئێران بێتە دەرەوە ئەوا بە هۆی پۆلیسی نێو دەوڵەتی یەوە دەستگیر و دەدرێ بە دادگای عداڵەت. هەروەک دەزانرێ، کابرایەکی ئیتلاعاتی وەک فەلاحیانیش کە بەرێوەبەری ئەم عەمەلیاتە بوو، ناتوانێ بۆ خۆی بریاری وەها دەرکا و دەبێ لە لایەن کومیتەیەکی کاروباری تایبەتی یەوە کە لە رێبەری مەزهەبی، سەرۆک کۆمار، وەزیری ئیتلاعات (ئەو کات بۆ خۆی بوو)، وەزیری سوپا و وەزیری دەرەوە پێک هاتبێ بدرێ. هەر ئەم کومیتەیەش بوو کە بریاری سەرەکی کاروباری

بەجێگەیاندنی ئەم تیرۆرەی بە فەلاحیان دا و ناوی رەمزی "فریاد بزرگ علوی"شی لێ نراو بەداخەوە دوای تەواو بوونی کونگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست کە شەهید د. سادقیش شەرەفکەندیش یەکێک لە بەشدارانی ئەم گونگرە بوو، لە رەستورانی میکونووس دا بەرێوە چوو.

هەر وەک ئێستاش دەزانین، کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی لوبنانیە توندەکانەوە ئاسایشی لە خەڵکی لوبنان و ناوچەکە هەڵگرتووە و بە کەشتی باری ٥٠ تۆنی چەک و تەقەمەنی دەنێرێتە لوبنان و بودجەی حیزبوڵای لوبنانیش دابین دەکا، لێرەشدا بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجە گڵاوەکانی خۆی کەڵکی لە ئەندامانی حیزبوڵای لوبنان وەرگرت. هەڵبژاردنی وڵاتی ئاڵمانیش بۆ برێوەبردنی ئەم تیرۆرە، بە گومانی کۆمانی کۆماری ئیسلامی ئێران باشترین شوێن بوو، چوونکوو وای دەزانی بە هۆی ئەو پێوەندیە گەرمە بازیگانیەوە کە لەگەڵ ئەو وڵاتە هەیەتی، دەتوانێ زەخت بخاتە سەر ئاڵمان و ئەوانیش چاوپۆشی لەم کردەوە ترۆرسیتی یە دەکەن. بەڵام بە پێچەوانە، نەک کۆماری ئیسلامی ئێران وەک بەرێوەبەری ئەسڵی ئەم عەمەلیاتە ناسرا، بەڵکوو زەختێکی نێوە نەتەوەیی لە سەر ئێران دانرا تاکوو کۆتایی بەم جۆرە کارە دزێوانەی خۆی لە دەروەوەی وڵاتدا بێنێ، هەر وەک دەریش کەوت دوای ئەم رسوابوونەیان، بەخیاندا هاتنەوە.

بە بروای من ئەمرۆ کە ساڵرۆژی دەرچوونی بریارە مێژوویەکەی دادگای میکونووسە، دەبێ هەموو ساڵێک یاد بکرێتەوە و لەم رۆژەدا کۆر و کۆمەڵە مرۆڤدۆست و دیموکراتەکان داوا بکەن کە دەبێ بەرێوەبرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەیی دا موحاکەمە بکرێن و بە سزای کردەوەکانی خۆیان بگەن.

یادی هەموو شەهیدانی گەل و بەتایبەتی شەهیدانی ئەو کارەساتە بە خێر بێ.

حامید درودی

٢٠٠٢/٤/١٠